# ئەکتەر لەنێوان دوو قوتابخانەدا

## خوێندنەوەیەک بۆ ئەدای ئەکتەری شانۆی ڕۆمانی و هۆڵەندی

**ئەحمەد شەرجی**
**و/ شۆڕش محەمەد حوسێن**
**(سلێمانی)**

**ئەکتەر یەکەی دینامیکی کۆمەڵەیەکی تەواوەتی ئاماژەکانە:**

دوو ڕێچکە هەیە بۆ کارکردنی نواندن ئەوانیش (دەروونی و فیزیایی)، ڕێچکەی دەروونی ئەوەیە کە لەناوەوە دەردەپەڕێت، بە کارکردن لەسەر هەستەکان و پێوەندییە تایبەتییەکان لەگەڵ کەسایەتییەکە و ئەندێشە و هوشیاری. ڕێچکەی فیزیاییەکەش کارکردن تیایدا لەسەر شێوەی دەرەکی کەسایەتییەکە بونیاد دەنرێت«١».

پێدەچێت یەکەم کەسێک کە کاری ئەکتەری دیاری کردبێت (ستانسلاڤسکی) ڕووسی بووبێت، کە هەر ئەو یەکەمین میتۆدی دانا بۆ ئەکتەر تاوەکو لەسەری بڕوات و میتۆدەکەی لە کتێبی (ئامادەکردنی ئەکتەر) و کتێبەکانی تر خستەڕوو، سەبارەت بە ئەکتەری شانۆیی بووە هاوشێوەی کتێبی پیرۆز. کەم تا زۆرێک هەموو قوتابخانە شانۆییەکانیش لە جیهاندا تیۆرەکەی ستانسلاڤسکیان کردە میتۆدێکی خوێندن بۆ فێرخوازەکانیان لەوانەی نواندندا.

پاشان ڕۆڵی (کرۆتۆڤسکی) بەدەرکەوت تاوەکو قسەی خۆی بکات لە تیۆردانان لەپێناوی کاری ئەکتەردا و پێدەچێت ئەو کارەی کرۆتۆڤسکی پۆلۆنی کردی بە درێژایی چەند ساڵێک لە گەڕان لە کاری ئەکتەردا هاوشێوەی هاوکاری ئەو کارانەی ستانسلاڤسکی بێت کە لە ڕۆژگاری خۆیدا پێی هەستا، بەڵکو ئەوە بەدیدەکەین کە کرۆتۆڤسکی زۆرترین تیۆردانەرە گرنگەکانی پاش ستانسلاڤسکییە کە کاریان کردووە لەسەر گەڕان، بۆ بەرەو پێشبردنی هونەری ئەکتەر لە ڕێگەی لابۆرەکەیی ئەکتەری خستە ژێر ئەزموونێک کە لە هونەری نواندندا خستییە ڕوو و بە کۆمەڵێک لە لێکۆڵینەوە و مانیفێست و نووسراوی تیۆری گرنگ پاڵپشتی لێکرد لە پێناوی پشتگیریکردنی بۆچوونەکانی سەبارەت بە گرنگیدان بە تەکنیکی ئەکتەر و کارکردن لەسەر بەرەوپێش بردنی ئامرازە ئەداییەکانی لە ڕێی تیۆرەکەیەوە کە ناوی نا (شانۆی هەژار). کە تیایدا دەیویست جەخت بخاتە سەر گرنگی ئەکتەر لە نمایشی شانۆیی و ئەکتەریش تاکە بنچینەی شانۆیە کە ناتوانرێ هەرگیز دەستبەرداری بین. هەر ئەویشە کە دەڵێت: (بناغەی شانۆ ئەکتەرە و ئەو شتەی ئەو پێی هەڵدەستێ ئێمە ناتوانین ئەنجامی بدەین«٢»، چونکە ئێمە دەتوانین دەستبەرداری دەرهێنەر و دەق و مۆسیقا و مێکیاژ و...تاد ببینەوە لەم بنچینانەی تری نمایشی شانۆیی).

ئەکتەر ئەو جادووگەرە جوانەیە کە تەنانەت هەرگیز ناتوانین دەستبەرداری پەنجەیەکی ببین، چونکە گرنگترین شتە لە نمایشی شانۆیی و ئەوە کە هەڵدەستێ بە گەیاندنی گوتارەکەمان بە ئەوی تر، جا ئەم گوتارە بینراو بێت لە ڕێی جەستەوە یاخود بیستراو بێت لەڕێی قسەوە.

ئەو شتەش کە زیاتر پاڵپشتی لە بۆچوونەکانمان دەکات لە هەمبەر دەرهێنەری پۆلۆنی (کرۆتۆڤسکی) ئەو

وتەیەیە کـە دەرهێنەری ئینگلیزی (پیـتـەر بروک) لە بارەیەوە دەڵێت: (کـرۆتۆڤـسکی بێ هاوتایە.. بۆچی؟ چونکە بەپێی زانیارییەکانم، لە ستانسلاڤسکییەوە هیچ کەسێک هێندەی ئەو لە جیهاندا لە سروشتی نواندن و ڕوخسارەکانی و مانا و سروشت و زانستی پرۆسە فکری و جەستەیی و هەستییەکان لەسەر ئەو لایەنە قووڵە تەواوەتیەی نەکـۆڵیـوەتەوە کـە کـرۆتۆڤـسکی پێی هەسـتـاوە)«٣». پێـدەچێت هاندەری یەکـەم بۆ بەخەبەرهێنانی هۆشیارییەکانی ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ بانگکردنی هەستە یادەوەری- (الذاکرة العاطفیة) بێت کە پڕ لە هۆشیاری و هەست و سۆزە و لەپاشان ئاسانکاری بۆ ئەکتەر دەکات کە کۆمەڵێ هۆشیاری پێشینە بهێنێتەوە یاد کە لە بانکی هەستەکانیدا عەمباری کردووە و لە هەر ساتێکدا بیەوێت لە کاتی نمایشی شانۆییدا بەدەستی دەهێنێت. هەروەک ستانسلاڤسکی دەڵێت، بەڵام ئەوەی بۆ ئاشکرا بوو کە هەستە یادەوەری ساتی هەنووکەییە و هەندێک جار دێت و هەندێ جاری تر ون دەبێت، هەر بۆیە پەنای بردە بەر کردارە یارمەتیدەرەکان و هەستەوەرەکان.

ئەوە بەدی دەکەین کە گرنگترین شتێک کە تیۆرەکەی ستانسلاڤسکی دۆزییەوە بریتی بوو لە (ئەگەری ئەفسووناوی) ئەم (ئەگەرەش) لەڕێی ڕووبەڕووکردنەوەی ئەکتەر بەپرسیارێک لەخۆی کاردەکات.

ئایا چی بکەم ئەگەر من لە جێی ئەو کەسایەتییەدا بوومایە؟ ئایا پەرچەکردارم چی دەبوو لەبەرامبەر ئەم ڕووداوە؟ ئەی ئەگەر پزیشکێک بوومایە؟ لەم حاڵەتەدا چی بکەم؟ بەم جۆرەش پرسیارەکانی ئەکتەر لەخۆی لەڕێی (ئەگەری ئەفسووناوی)یەوە بەردەوام دەبێت، ستانسلاڤسکی سەر بە گرنگترین قوتابخانە شانۆییەکانی جیهانە، بەڵکو یەکێک بووە لە دامەزرێنەرە گرنگەکانی قوتابخانەی شانۆی ڕووسی و کە لە پاشان بنچینەکانی لەسەر زۆربەی قوتابخانە شانۆییەکانی جیهاندا جێگیربوو، بەڵکو تا هەنووکەش کاریگەرییەکانی هەر ماون، ئەمە دەروازەی خوێندنەوەمان بوو بۆ ئەدای ئەکتەری شانۆیی لە دوو قوتابخانەدا کە ئەوانیش قوتابخانەی ئەورووپای ڕۆژهەڵات کە مۆسکۆ ئاڵاهەڵگری نوێگەری و تیۆردانانی کرد تیایدا و قوتابخانەکەی تریش ئەورووپای ڕۆژئاوایە کە خاوەن ئەو ئەفسوونە نییە کە بەشە ڕۆژهەڵاتییەکەی هەڵگریەتی. ئەکتەری ڕۆمانی و ئەکتەری هۆڵەندیش نموونەی ئەم خوێندنەوەمانە، ئامانجمان بریتییە لە جیاکردنەوەی نێوان ئەدای ئەکتەر لە قوتابخانەی ڕۆژهەڵات کە خۆی لە ڕۆمانیا دەنوێنێ لەگەڵ قوتابخانەی ڕۆژئاوا کە خۆی لە هۆڵەندا دەبینێتەوە.

لە ڕێی بینینی کۆمەڵێک لە نمایشی شانۆیی لە بۆخارستی پایتەختی ڕۆمانیای سۆسیالیستی پێشوو و نمایشی شانۆیی هۆڵەندی لە چەند شارێکی هۆڵەندا ئەوەم بەدیکرد کە جیاوازییەکی گەورە لەنێوان ئەو دوو نمایشە (مەبەستم ڕۆمانی و هۆڵەندی) هەیە و لە هەواداری بزاڤی شانۆییش شاراوە نییە، ئەم جیاوازییە هونەرییەی نێوان ئەم دوو قوتابخانەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە بۆخارست یەکێک لە گرنگترین گۆڕەپانە شانۆییەکانی ئەورووپا دەنوێنێت و قوتابییەکی گەورەی پایتەختی یەکەمی هونەرە لە جیهاندا کە (مۆسکۆیە) و هەروەها بۆخارست قورساییی گرنگ لە ژیانی هونەری پێکهێنەری دەوڵەتە سۆسیالیستییەکانی پێشوو کە مۆسکۆ قیبلە پیرۆزەکەی بوو دەنوێنێت، زیادەڕۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین کە زۆربەی شۆڕشەکانی هونەر لەژێر پاڵتۆی ڕووسیدا دەرپەڕیوە، نمایشی شانۆیی ڕۆمانیمان وا بینیەوە کە لە گەڕانێکی بەردەوامدایە لەسەرجەم هونەرە شانۆییەکان بە ڕووناکی و دیکۆریشەوە، وەک ئەوەی بیانەوێ بەمە هەمان ئەو شتە بەرهەم بهێننەوە کە مایرهۆڵد کردی ئەوکاتەی بۆ یەکەم جار پەڵەی ڕووناکی جیاکەرەوەی بۆ تاکە ئەکتەر بەکارهێنا لە نمایشی شانۆیی کە لەوە و پێشتر نەزانراو بوو، کەسیش بەکاری نەهێنابوو، لە هەمووشی گرنگتر بریتییە لە سەرقاڵبوونی هەمیشەییان بە ئەکتەر بەو پێیەی گرنگترین بنچینەی گەمە شانۆییەکەیە. ئەکتەر لە نمایشی ڕۆمانی (ڕۆمانیا) ئەکتەرێکی داهێنەر و پشکنیارە و ڕۆژانە بەدوای فۆرمێکی تر دەگەڕێت و وەک ئەوەی بچێتە نێو گەمەیەک لەگەڵ بینەردا و ئایا ئەمەشەو دەتوانێ بمناسێتەوە؟ هەر ئەم گەمەیەش وای لێکرد لە گەڕانێکی بەردەوامدا بێت و هەدا نەگرێت. ئەمە ئەو شتەبوو کە لە نمایشی شانۆیی (قەرەج)ی پۆشکیندا دەرکەم پێکرد. ئەم نمایشەش هی دەرهێنەرێکی گەنج بوو و ئەم گەنجەش نمایشە ئەفسووناوییەکەی لەنێو تەویلەی ئەسپ یاخود لەوەڕگەی بەرازەکان پێشکەش کرد. دەرهێنەر بەدوای فۆرمێکی تردا دەگەڕا بۆ (قەرەج)ەکەی پۆشکین.

دەرهێنەر لە ڕێی کۆمەڵێک ئەکتەرەوە بەرەو ناواخنی گەمە شانۆییەکەیان پەلکێشیان کردین بە واتایەکی تر بەرەو جیهانەکەیان (جیهانی قەرەج) کە ژیانێکی پڕاوپڕە لە بێهوودەیی و نابەرپرسیاریەتی و ژیانێک لە پێناوی یەک ڕۆژدا و بەیانی ئەوکاتەی ڕۆژ هەڵدێت بێگومان

ڕۆژێکی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە هەڵگری کۆمەڵێ شتی نوێیە.

مەبەستی ئەم گەواهیدانەمان ئەوەیە کە دەرهێنەر چوارچێوەی گشتی یاخود فۆرمی گشتی نمایشە شانۆییەکەی دۆزیبێوە لە ڕێی ئەو ڕوانین و خوێندنەوانەی کە بۆ دەقەکەی پۆشکین کردبووی و پاشان ڕۆڵی ئەکتەری داهێنەر و پشکنیار هات «کە ئەکتەر خاوەنی خوێندنەوەی دووەمی دەقی ئەدەبییە لە دوای دەرهێنەر» تاوەکو ڕوانینێکی تر بۆ ئەدای خۆی لە نمایشەکە پێک بهێنێت و بەمەش ڕوانین و ئەندێشەکانی ئیزافە بکاتە سەر بەرهەمەکە. ئەم خوێندنەوەیەی ئەکتەر هەڵگری زۆرێک لە ئەفسوونە کە ئەکتەر بەهۆیەوە سەرسامان دەکات لەسەر تەختەی شانۆ، بەڵام ئەم ئەفسوونە لەسەر توانایی ئەکتەر ڕادەوەستێ، بە واتایەکی تر ئەم ئەفسوونە لەسەر ئەو هەوڵە پشکنیارە ڕادەوەستێ کە ئەکتەر لەسەر ڕۆڵەکەی دەیکات و لە دۆزینەوەی مێژوویەکی گریمانەیی بۆ کەسایەتییەکە و دۆزینەوەی هۆکارەکانی تۆڕی پێوەندییەکانی لەگەڵ کەسایەتییەکانی تردا.

ئەم گەڕانە هەمیشەییە بە لایەنەکانی کەسێتی بە واتای ئەوەیە کە کار بە عەقڵی ناوەکی کەسایەتییەکە دەکات، ئەو شتانەش بەرجەستە ناکات کە نووسەر یاخود دەرهێنەر بەسەریدا دەدات، هەر بۆیە گوێمان لێدەبێت لەسەر شانۆ دەڵێت «ئاه»، بەڵام ئەم (ئاخ هەڵکێشان)ە لە ڕۆژانە و ژیانی کەسە ئاساییەکاندا گوێمان لێ نەبووە، لە ڕۆژانەی خۆماندا (ئاهێک) دەبیستین کە هەمووان بەتاکە شێوەیەک و بەیەک ڕێگە دەریدەبڕن، بەڵام ئەوکاتەی لەگەڵ ئەم «ئاهە» دەگوێزینەوە بۆ شانۆ پێویستە لەسەرمان لە هۆکارەکانی ئەم (ئاهە) بکۆڵینەوە و ڕۆبچینە نێو واتای ناوەکی وشەکە. ئەم هەوڵە زانستییە لەسەر کەسایەتی ئەو شتەیە کە ئەکتەر لە نمایشی شانۆی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی (ئەگەر بشێت وا ناوی ببەین) جیادەکاتەوە.

بێگومان کۆمەڵێک نمایشی شانۆیی هۆڵەندیشمان بینی کە خاوەن چێژ و سوودمەندی بوون و ئەکتەری هۆڵەندی خاوەن توانا و ئەفراندنێکی باشە و ئەکتەری باش و گەورەی تێدایە، بەڵام ئێمە قسە لەسەر شێوازی گەڕانی ئەکتەر دەکەین بۆ ڕۆڵەکەی یاخود ئەو کەسایەتییەی کە ڕۆڵی دەبینێت و تا چەند توانای زانستی خەرج دەکات لەسەر کەسایەتییەکەی لەڕێی لێکۆڵینەوەکەمان ئەوە بەدی دەکەین کە توانایی گەڕان لە نمایشی شانۆی هۆڵەندیدا گەڕانێکی شکڵییە بە واتای ئەوەی بە تەنیا لەشکڵی شانۆییدایە، ئەمەش ئەو شتەیە کە لە زۆربەی نمایشەکاندا (ئەوانەی کە هەلی بینینمان بۆ ڕەخسا) درکمان پێکرد و کە زۆربەشیان هی گرنگترین تیپە شانۆییەکانی هۆڵەندا بوون، لەوانەش تیپی شانۆی ئەمستردام کە خاوەن گەورەترین توانایی ماددی و مرۆییە. ئەکتەری هۆڵەندی وەک هاوتا ڕۆمانیەکەی ئەکتەرێکی گەڕیدە و پشکنەر نەبوو، بەڵکو ئەکتەرێکی تەقلیدی کلێشەیی بوو، قوتابییەکی کۆنی وانە یەکەمینەکانی هونەری نواندن و مامۆستای یەکەم (ستانسلاڤسکی) بوو، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ستانسلاڤسکی ئەکتەرێکی بلیمەت بوو؟ ئایا لەگرنگترین ئەکتەرە ڕووسییەکانی ئەو قۆناغە بوو کە قۆناغی شۆڕشی هونەری بوو لە مۆسکۆ؟ لە پاشان پێویست بەوە دەکات هەموو ئەکتەرێک لەناوچەکانی جیهان تەقلیدی بکەنەوە و بەپێی تیۆرەکەی لە هونەری نواندندا بڕۆن بەڕێوە، هەروەها دەپرسین بۆچی خێرخوازانی هونەری نواندن، ئەکتەری گریکی (سیلسبس) وەرناگرن کە یەکەمین کەس بوو کە ئەکتەری ناساند ئەویش لە ڕێی گەشتەکانی بەگالیسکەکەیی و نمایشکردنی شانۆییەکانی و پاشان ئەکتەرێکی تری بۆ نمایشەکانی زیاد کرد و دواتر ئەسخیلیۆس ئەکتەری دووەم و سۆفۆکلیس ئەکتەری سێیەمی زیاد کرد تاوەکو دایەلۆگ بکات لەگەڵ کۆرسدا کە لەدوای ئەم زیادکردنانە ڕێژەی کۆرس بەرەو کەمبوونەوە چوو.

هەنووکەش دەچینە لای گوتەی تیۆردانەری پۆڵۆنی و خاوەن تیۆری شانۆی (هەژار)- کرۆتۆڤسکی، بەرامبەر تیۆردانەری یەکەمی هونەری نواندن (ستانسلاڤسکی) وتی: (ستانسلاڤسکی ئەکتەرێکی داهێنەر نەبوو و جەستەشی لە گەنجێتیدا جوان بوو، بەڵام ڕەق هەڵاتوو بوو، هەموو شتێک تەنانەت سادەترین ئەو شتانەی کە زۆرێک لە ئەکتەرەکان دەیانتوانی ڕاگوزاریانە پێی هەستن، دۆزەخێک لە تەکنیک بوو بۆی، ئەو مرۆڤێکی ناداهێنەر بوو یاخود داهێنانی زۆر سنووردار بوو، هەر بەم هۆیەش بەدیاریکراوی ڕێچکەکەی هەڵێنجا، هەموو ڕێچکە و لێکۆڵینەوەکانی ستانسلاڤسکی بۆ هونەری ئەکتەر وای لێکرد کە ئەکتەرێکی بلیمەتی لێ دروست بکات). «٤»

مەبەستمان لەم قسانە ئەوەیە ئەکتەری هۆڵەندی ئەکتەرێکی داهێنەر و پشکنەر نییە لە فۆرمی نواندنی تایبەت بەخۆی. کەواتە ئەو جۆرە ئەکتەرەی کە داهێنەر و پشکنەر، ئێمە لە زۆربەی نمایشەکانی شانۆی هۆڵەندیدا بەدیمان نەکرد، ڕاستە ژمارەیەک ئەکتەری باش هەیە،

بەڵام ئەوانە خاوەن ئەو ئەفسوونە نین کە لەلای ئەکتەری ڕۆمانی بینیمان و ئامادەبوونی هەیە.

ئەم بۆچوونەشمان لەڕێی نمایشە گرنگەکانی تیپی شانۆی ئەمستردام وەک (شالیر، بازرگانی ڤینیسا و ئۆتێللۆ و هاملێت) دروست بوو لەگەڵ کۆمەڵێک نمایشی شانۆیی تری چەند تیپێکی زۆری تر.

لەسەرجەمی ئەمانەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە دەرهێنەر تاکە هێزی باڵادەستە لە نمایشی شانۆی هۆڵەندی و هەر ئەویشە بەدوای فۆرمێکی جیاواز بۆ نمایشە شانۆییەکەی ئەرک دەکێشێت، تەنانەت سینۆگرافیا خاوەن ئەو سەرسامییە نەبوو کە لە نمایشەکانی شانۆی ڕۆمانیدا بەدیمان کرد. ئەمە سەرەڕای ئەوەی هۆڵەندییەکان خاوەن تەکنەلۆژیایەکی گەشەسەندوون، بەڵام لە نمایشەکانی شانۆی هۆڵەندیدا درکمان بە سوود بینین لەم تەکنەلۆژیایە و تەکنیکی ڕووناکی نەکرد، بەڵکو نمایشەکەمان وابینی وەک ئەوەی هۆڵی شایی ڕازاوە بە ڕەنگی سپی و وەک ئەوەی شەقام یاخود باخچەی گشتی بێت و بێگومان ئەمەش کاریگەرییەکی سلبی بەسەر گەڕانەکانی دەرهێنەر بەجێدەهێڵێت و لە ڕێی ناهاوسەنگی کردنی لەنێوان تەواوکردنی بنچینەکانی تری نمایشە شانۆییەکەی ماندووبوونەکانی بەهەدەردەدات، چونکە نمایشی شانۆیی هاوچەرخ پێویستە بنچینەکانی تەواوکاری یەکتربن. وەک ڕووناکی و مۆسیقا و جل و بەرگ و ماکیاژ، وەک چۆن (دکتۆر سەڵاح قەسەب)یش دەڵێت: نەخشەکێشی سینۆگرافیا دەرهێنەرێکی تری نمایشی شانۆییە.

**پەراوێزەکان:**

١- کیر إيلام، سيمياء المسرح والدراما، ترجمة: رئيف كرم- بنکەی ڕۆشنبیری عەرەبی (بەیروت- کۆشکی سپی- ١٩٩٢).

٢- جيرزي كروتووڤسكي- نحو مسرح فقير- ترجمة: د. كمال قاسم نادر دار شؤون الثقافة العامة- وزارة الثقافة العراقية، (١٩٨٦).

٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٤- أناتولي فاسيليف، أخبار اليوم الرابع عشر، ترجمة: عبدالهادي الراوي.